زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# كاریگەری ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەسەر ئەدای حكومەت لەخولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان

**پرۆژەی دەرچوونە**

پێشكەشی بەشی سیستەمە سیاسیەكان وسیاسەتی گشتی كراوە، وەک بەشێک لە پێداویستەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە سیستەمە سیاسییەكان و سیاسەتی گشتی

ئامادەكردنی:

**بەناز امین عزیز**

بەسەرپەرشتی:

**م.هۆگر ئیبراهیم حەكیم**

2022

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

**" وَعَسَى أنْ تكْرَهُوُ شَيْئًاً وَهُوَ خَيْرٌا لَكُمْ**

**وَعَسَي* أنْ تُحِبُّوُا شَيْئًاً وَهُوا شَرٌ لَكُمُ وَاللَّه**

**يَعْلَمُ وَأنْتُم لَا تعْلَمُونْ"**

صَدَقَ اللَّهُ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ

# پێشکەشە بە

- روحی خوا لێخۆشبووی برای ئازیزم .
- دایک و باوکی خۆشەویستم .
- هەموو ئەوانەی کە هەول ئەدەن بۆ بەدەستهێنانی زانستدا .

# سوپاس و پێزانین


- سوپاس بۆ پەروەرێنم کە تواناى ئەوەى پێ دام بۆ نوسینی توێژینەوەکەم.
- سوپاس و پێزانینێکی زۆرم بۆ دایک و باوکی ئازیزم کە هەول و ماندوو بوونێکی زۆریان داوە لەگەڵم.
- سوپاس و پێزانینی تایبەت بۆ سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم (م هۆگر ابراهیم حەکیم)کە هاوکاری زۆری کردم رێنمایی زۆری پێدام سەبارەت بە نوسینی توێژینەوەکەمداو ئەرکی زۆر کێشا لەگەلمدا.

## لیستی ناوەرۆک


| | |
|---|---|
| پێشەکی | 3-1 |
| بەشی یەکەم | 12-4 |
| بەشی یەکەم: دەروازەیەکی تیۆری بۆ ئۆپۆزسیۆن | 4 |
| 1- 1- ئۆپۆزسیۆن لەرووی چەمک و واتاوە | 4 |
| 1-1-1- شیکردنەوەی چەمکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی | 4 |
| 1-1-2- ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە رووی پێناسەیەوە: | 5 |
| 1-1-3- جۆرەکانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی : | 6 |
| 1-1-4- پێگە و رۆڵی ئۆپۆزسیۆن | 7 |
| 1-1-5- ئەرکەکانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی : | 8 |
| -2- پەیوەندی ئۆپۆزسیۆن و حکومەت لە سیستەمە سیاسیە جیاوازەکاندا . | 9 |
| 1-2-1- رۆلی ئۆپۆزسیۆن لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا : | 9 |
| 1-2-2 - رۆلی ئۆپۆزسیۆن لە سیستەمی پەرلەمانیدا : | 10 |
| 1-2-3- رۆلی ئۆپۆزسیۆن لە سیستەمی نادیموکراتیدا : | 11-12 |
| | |
| بەشی دووەم : ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان | |
| باسی یەکەم : مێژووی سەرهەلدانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەهەرێمی کوردستان | |
| ئۆپۆزسیۆن لە کابینەی یەکەم و دووەمدا | |
| ئۆپۆزسیۆن لە سەردەمی دوو ئیدارەییدا | |
| ئۆپۆزسیۆن لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا | |
| باسی دووەم: سروشت و پێگەی ئۆپۆزسۆن لە هەرێمی کوردستاندا لە هەرێمی کوردستاندا | |
| ئامانجەکانی ئۆپۆزسیۆن | |
| کار وچالاکیەکانی | |
| جۆر و سروشتی | |

| | |
|---|---|
| بەشی سێیەم : ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان | |
| باسی یەکەم: ئۆپۆزسیۆن لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستاندا | |
| سروشتی ئۆپۆزسیۆن لە خولی پێنجەمدا | |
| پێگە و سەنگی ئۆپۆزسیۆن لە خولی پێنجەمدا | |
| کارو چالاکییەکانیان | |
| باسی دووەم: کاریگەری ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەسەر ئەدای کابینەی نۆیەم | |
| بەراوردێک لەنێوان ئەجێندای ئۆپۆزسیۆن و حکومەت | |
| بەربەستەکانی ئۆپۆزسیۆن | |
| سیاسەتی ئۆپۆزسیۆن بەرامبەر کابینەی نۆیەم | |
| دەرئەنجام | |
| لیستی سەرچاوەکان | |

# پێشەکی:

## پێشەکی

سیستەمە سیاسییە دیموکراتەکان لە قۆناغی پێگەیشتوویاندا پێویستیان بە بوونی دیدگای جیاواز هەیە بۆ حوکمرانی، بەشێوەیەک کەوا تەنیا لە یەک گۆشەنیگایەوە سەیری بابەتی حوکمرانی نەکرێت. ئەم پێویستییە و لەپاڵ قەتیس نەبوونی دەسەلاّت لە دەستی دەستەو تاقمێک، گرنگی بوونی بەرەی بەرامبەر دەسەلاّت هاتۆتە پێشەوە، کە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بە ئۆپۆزسیۆن دەناسرێت. یەکێک لە سیما هەرەدیارەکانی پرۆسەی دیموکراسی بوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیە، بەبێ بوونی ئۆپۆزسیۆن ناتوانرێ باس لە سیستەمی دیموکراسی راستەقینە بکرێت.

ئەگەر بمانەوێت باس لەهەرێمی کوردستان بکەین بۆ بابەتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی دەبێت بیبەستینەوە بەو قۆناغەی تێیدا حکومەتێکی فەرمی لەلایەن بەشێک لە پارتە سیاسییەکان دروست دەبێت. لە قۆناغی گەشەی هەرێمدا، دیدگای جیاوازو لایەنی سیاسی جیاواز دروست بوون، ئەمە بەرەیەکی نوێی کردەوە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان لە کارو ئەدای دەستەی حوکمران رازی نەبوون و بەرهەڵەستی ئەو ئاراستەیان کرد. ئەمە سەرەتایەک دەبێت بۆ هاتنە پێشەوەی لایەنی سیاسی نوێ، سەرەرای کەلەکەبوونی کێشەو قەیرانەکان و بەلارێدابردنی بابەتی حوکمرانی و زۆربوونی دیاردەی گەندەڵی لەسەرجەم سێکتەرەکان.

دەبینین کەبوونی ئۆپۆزسیۆن لەهەرێمی کوردستن شێێکی تارادەیەک یەک نوێیە، چونکە سەرەتایی سەرهەڵدانی لەهەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو دەگەرێتەوە بۆسالی ٢٠٠٩، بۆیەکجار بزوتنەوەی گۆران خۆیی وەک ئۆپۆزسیۆنی سیاسی راگەیاند لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش هەنگاوێکی تازە بوو لە خەباتی سیاسی کوردا. دوای ئەوە چەندین لایەنی تریش ئۆپۆزسیۆن بوونی خۆیان راگەیاند، ئەمەش سەرەتایک بوو بۆ لەدایک بوونی دیموکراسی ئازاد و بەدەست هێننانی ماف و وەلاّمدانەوەی داواکارییەکانی خەلک بەشێوەیەکی رونتر. هەر بۆیە دەتوانین بلێن کە ئۆپۆزسیۆن جێگای بایەخە لە هەموو سیستەمە سیاسیەکاندا بەتایبەت سیستەمی پەرلەمانی هەر بۆیە ئۆپۆزسیۆن رۆڵێکی کاریگەر دەگێرێت لە سیستەمی سیاسی دیموکراسیدا.

## گرنگی توێژینەوە

١. ئۆپۆزسیۆنی سیاسی گرنگە چونکە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی دیموکراسی راستەقینە وە سەرهەلدانی فرە لایەنی حزبی و دوورکەوتنەوە لە دیکتاتۆری و خۆسەپێنی تاک لایەنە. بۆیە کارکردن لەسەر ئەم لایەنە گرنگییەکی زۆری توێژینەکە دەردەخات.

٢. ئۆپۆزسیۆن دەبێتە هۆی سەرهەلدانی بیروبۆچوون و ئایدیایی جیاواز ڕێکخستنی کەش و هەوایەکی ئازادیانە. دەرخستنی ئەمە مایەی گرنگی توێژینەوەکەیە.

٣.لەسەرووی هەموویانەوە بەشێکی گرنگی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆن دەبێتە هۆی ئەوەی کە سێکتەرەکانی تری حکومەت چالاکانە و جدیانە تر کاربکەن لەترسی لێپرسینەوەو بانگهێشتکردنیان لەلایەن پەرلەمانەوەو سزادانیان.

٤. لایەنێکی تری گرنگیەکەی پەیوەستە بەوەی، بوونی ئۆپۆزسیۆن تەنها چاودێر نیە بەسەر دەسەلاتی جێ بەجێ کردندا بەلکو دەبێتە پردێک بۆ گەیاندنی داخوازی و داواکارییەکانی هاولاتیان بەپەرلەمان و فشار خستنە سەر یان بۆ جێ بەجێ کردنیان.

**ئامانجی توێژینەوە**

ئامانج لە توێژینەوەکەدا ئەوەیە کە هەوڵدەدات تیشک بخاتە سەر ڕەوشی ئۆپۆزسیۆن لە سیستەمی دیموکراسیدا بەگشتی و لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی. هەروەها ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی چۆنیەتی کار پرۆگرام و ئەجندای کارکردنیان پانتایی و فراوانی دەسەڵاتی ئۆپۆزسیۆن، هەروەها دەرخستنی لایەنە باش و خراپەکانی ئۆپۆزسیۆن لەسەرجەم سێکتەرەکاندا، بەتایبەتیش لە سیستەمی سیاسیدا. لەلایەکی دیکەوە توێژینەوەکە هەوڵدەدات تیشکبخاتە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن، هەروەها کاردەکات لەسەر ئاشکراکردنی بەرنامەو پلانە سیاسیەکانی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان و ئەو ئەرک کار و چالاکیەیی کە لە ئەستۆی دایە، پاشانیش شیکردنەوەیان بەشێوەیەکی زانستیانە.

**پرسیاری توێژینەوە**

پرسیاری سەرەکی: ئایا ئۆپۆزسیۆنی سیاسی چۆن کاریگەری دەخاتە سەر ئەدایی حکومەت لە خولی پێنجەمی پەرلەماندا؟

لەپاڵ ئەم پرسیارە سەرەکییەدا، چەند پرسیارێکی لاوەکیش دێتە بەردەممان، لەوانە:

- هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان چییە؟
- ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان چ سروشتێکیان هەیە؟
- ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان چ جۆرە پەیوەندییەکیان هەیە؟
- لە خولی پێنجەمدا ئۆپۆزسیۆن چۆن بەرهەڵەستی حکومەتی کردووە؟

**گریمانە**

وەک وەڵامێک بۆ پرسیاری سەرەکی توێژینەوە، گریمانی ئەوە دەکەین لە کە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کاریگەر ئەوتۆی نەبووە لەسەر کار و چالاکیەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستاندا. ئەمیش بەهۆی ئەو سروشتە لە

پەیوەندییەی نێوان حکومەت و ئۆپۆزسیۆن، چونکە جیاواز لە خولەکانی پێشوو، ئۆپۆزسیۆن لەم خولەدا قەبارەو سەنگێکی ئەوتۆی نییە بتوانێ ببێتە ڕێگرێکی حەقیقی لەبەردەم کارەکانی حکومەتدا، لەم چوارچێوەیەدا دەبینرێت حکومەت بێ گوێدانە رای ئۆپۆزسیۆن لەسەر پرۆگرامی خۆی بەردەوام بووە.

**میتۆدی توێژینەوە**

بەهۆی ئەوەی لەبەشێکی توێژینەوەکەدا ناساندنمان کردووە بۆ چەمک و زاراوەکان وە دیاری کردنی ئەرکەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆیە میتۆدێکی وەسفیمان بەکارهێناوە. لەپاڵ ئەمەشدا میتۆدی شیکاریمان بەکارهێناوە، چونکە شیکردنەوەمان کردووە لە خولە جیاجیاکاندا باسی ئامانج و ئەدای کارەکانی ئۆپۆزسیۆنمان کردووە.

**پێکهاتەی توێژینەوە**

پێکهاتەی توێژینەوەکە جگە لەپێشەکی لە سێ بەش و چەند باسێک پێکهاتووە

بەشی یەکەم توێژینەوەکە لە چوارچێوەی تیۆری پێکهاتووە لە دوو باس لەخۆ دەگرێت ئەوانیش بریتین لە پێناسەی ئۆپۆزسیۆن ،جۆرەکانی ئۆپۆزسیۆن ،پێگەی ئۆپۆزسیۆن ،ئەرکەکانی ئۆپۆزسیۆن باسی دووەم باس لە پەیوەندی ئۆپۆزسیۆن وحکومەت لەسیستەمە جیاوازەکاندا ئەونیش سیستەمی سەرۆکایەتی ، سیستەمی پەرلەمانی ،سیستەمی تێکەڵدا

بەشی دووەم پێکهاتووە لە ئۆپۆزسیۆن لەهەرێمی کوردستان دوو باس لە خۆ دەگرێت باسی یەکەم باسی لە مێژووی سەرهەلدانی ئۆپۆزسیۆن دەکەین لە هەرێمی کوردستان دا ئەوانیش ئۆپۆزسیۆن لە کابینەی یەکەم و دووەمدا ،ئۆپۆزسیۆن لەسەردەمی دوو ئیدارەییدا ،ئۆپۆزسیۆن لە خولی سێەمی پەرلەمانی کوردستان باسی دووەم باس لە سروشت و پێگەی ئۆپۆزسیۆن دەکەین لە هەرێمی کوردستان باسەکانیش بریتین لە ئامانجەکانی ئۆپۆزسیۆن، کار وچالاکیەکانی، جۆرو سروشتی بەشی سێەم پێکهاتووە لە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی وکابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

باسی یەکەم ئۆپۆزسیۆن لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستاندا باس لە سروشتی ئۆپۆزسیۆن لە خولی پێنجەمدا ,پێگەو سەنگی ئۆپۆزسیۆن لە خولی پێنجەمدا ،کار ە چالاکایەکانیان ،باسی دووەم پێکهاتووە لە کاریگەری ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەسەر ئەدایی کابینەی نۆیەم باس لە بەراوردێک لە نێوان ئەجێندای ئۆپۆزسیۆن و حکومەت ، بەربەستەکانی ئۆپۆزسیۆن ،سیاسەتی ئۆپۆزسیۆن بەرامبەر کابینەی نۆیەم.

## بەشی یەکەم: دەروازەیەکی تیۆری بۆ ئۆپۆزسیۆن

### 1- 1- ئۆپۆزسیۆن لەرووی چەمک و واتاوە

### 1-1-1- شیکردنەوەی چەمکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی

زاراوەی ئۆپۆزسیۆن لەبنەمادا دەگەڕێتەوە بۆ (oppositio)ی لاتینی بەواتای رووبەرووبونەوەو بەرامبەر یەک وەستان، یان رای پێچەوانە دێت سەرەتا لەبواری ئەستێرەناسی بەکار دەهات،[1] بەڵام دواتر هاتەناو بوارەکانی دیکە بەتایبەت بواری سیاسەت. بەکارهێنانرا زاراوەی ئۆپۆزسیۆن oppositionl). لەزمانی فەرەنسی بەواتای رەخنەگرتن ونارازی بوون (اعتراض)یان بەرگری دێت.[2]

بەهەمان شێوە لەزمانی ئینگلیزی هەمان ووشە بەکاردەهێنرێت بەواتای بەرخودان وروبەرووبونەوا، یان نارازی بوون، بگرە لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپاش هەر زاراوەی ئۆپۆزسیۆن بەکار دێت.[3]

لەزمانی عەرەبی بەرامبەر ئۆپۆزسیۆن ووشەی (معارضة) بەکاردەهێنرێ، بەپێی هەندێ بۆچوون لەفەرهەنگی سیاسی عەرەبیدا زاراوەی (معارضە) کەبەرامبەر ئۆپۆزسیۆن دانراوە، مانای رۆڵ وئەرکەکەی سنوردار کراوە، هەروها چەمکەکەی شێوێندراوە، چونکە ناورۆکەکەی کورت کراوەتەوە لەچوارچێوەیچەمکی دژایەتی دەسەڵات. لەراستیدا ئۆپۆزسیۆن وەک چەمێکی سیاسی بەواتای دژایەتی حکومەت نایەت بەقەد ئەوەی بەواتای رەخنەگرتن و بەدیارخستنی کەموکەرتیەکان دەسەڵات دێت.[4]

لەزمانی کوردیشدا تائێستا ووشەیەکی پربەپێستیopposition بەکارنەهێنراوە. لەراستیدا لەکۆمەڵگای کوردیدا بواری کاری ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بەشێوە دیموکراسیەکەی لەئارادانەبوو، لەئەدەبیاتی سیاسی کوردیدا هەندێ جار وشەیبەرهەڵستکاری بەکاردەهێنرێت، پێدەچێت چەمکی ئەم وشەیە زیاتر لەبنەرەتە عرەبیەکەوە (معارضە) وەرگیرابێ، یان رەنگ دانەوەی بارودۆخی سیاسی وخەباتی بەرگریخوازانەی کوردە بەرامبەر دەسەڵاتە ستەمکارەکان، بەڵام

---

1 ناصر کرمی ،اپوزسیون سیاسی و سکۆلاریسم-http://www.NewSecularism.com/Article رۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٢/٩/١٢ .

2 القاموس السياسي ومصطلحات المؤتمرات الدولية،دار الكتب العلمية، بيروت ،٢٠٠٤ ،ص ٢٧٣.

3 Jonathan crawwther,Kathryn kavanagh,michael ashby.Oxford Dictionary,Oxford university press, 5th Ed,1998,p 814

4 برهان بخاری ،مقاربة اولیةحول الولاية الدستورية – استنهاض روح الشعب http://thawra.sy/ رۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٢/٩/١٢.

ناکرێ فەرمانی ئۆپۆزسیۆن بەتەنها کورت بکرێتەوە بۆ بەرهەڵستی حکومەت ،لەبەرئەوەی زۆربەکەمی لەئەدەبیاتی سیاسی کوردستاندا بەرهەڵستکاری بەکاردەبرێ، بەڵکو زیاتر ووشە فەرەنسیەکە بەکاردەهێنرێت. لەزمانی فارسیشدا دیسان بەزۆری ئۆپۆزسیۆن بەکاردەهێنرێت هەندێ جاریش مخالفان، یاخود معارضین بەکار دێت.[1]

## 1-2-1- ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە رووی پێناسەیەوە:

پێناسە و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ چەمکی ئۆپۆزسیۆن کراوە ،بەجۆرێ هەریەکەو لە روانگەو دیدگای فیکری خۆیەوە ئەم چەمکەی شیکردۆتەوە بەجۆرێک هەندێک وای دەناسێنن .کە ئۆپۆزسیۆن بریتیە لە :بوونی هێزێک یان چەند هێزێک لە دەرەوەی دەسەلات . کە مەبەست لێ هۆشیارکردنەوەی دەسەلاتە لە کەم وکوریەکانی ،بەلام هەندێکی تر پێیان وایە کە ،ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بە مانای رووبەرووبونەوەی دەسەلات نایتن بەڵکوبریتیە لە ئامرازی چاودێر کردنی دەسەلات و ئەدای بەردەوامی حکومەت . ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەبەر ئەوەی چەمکێکی فرە رەهەندی هەیە پێویستە بە ووردی مامەلەی لەگەڵ بکرێ،، بۆئەوەی تێکەل بە چەمک و زاراوە سیاسەکانی تری نەکەین .[2]

ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بەپێی سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان هەروەها سیستەمە حیزبیەکان گۆرانێکی رێژەی بەخۆوە دەگرێ ،بەلام بەشێوەیەکی گشتی ئەرک ورۆلی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە ئاراستەبوونی بەرامبەر دەسەلاتی سیاسی ،لەرێکخستنی دەنگە نارازییەکان و بەگەرخستنی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتیدا. هەروەها ئۆپۆزسیۆنی سیاسی دەەبێت روحی بەردەوام بوون و گۆرانکاری تیابێت بۆ وەرگرتنی دەسەلات لەحکومەت، چونکە بەبێ ئەو روحیەتە بەرنامەکانی ناواقیعی دەبن وجگە لە ئاگادارکردنەوە وهەرەشە زیاتر هیچی تر نیە بەو شێوە ناتوانین بە ئۆپۆزسیۆنێکی یاسایی و سیاسی ناوزەندی بکەین.[3]

بە واتایەکی تر ئۆپۆزسیۆن بۆ ئەوە دروست نابێت کە هەتا هەتایە لەخانەی دەرەوەی دەسەلات رەخنە بگرێت و پرۆژەی بە دیل پێشکەش بکات ،بەلکو بۆ جێ بەجێبەجێکردنیان دەبێ هەولًی دەستبەسەراگرتنی دەسەلات بدات لەرێگای قەناعەت پێکردنی هاولاتیان نەوەک تەنها دەنگی زۆرینە مسۆگەر بکات.

---

[1] داریوش ئاشوري،داشنامة سیاسی ،چاپی ١٢، انتشارات مرواريد، طهران ١٣٨٤هـ ، ص٨.

[2] دعصام سليمان ،مدخل الى علم السياسية ،ط ٢، دار النضال للطباعة والنشروالتوزيع،بيروت ،١٩٨٩،ص ٢٥٧.

[3] سربست مصطفى رشيد اميدى ، المعارضه السياسية والضمانات الدستورية لعملها –دراسة قانونية سياسية تحليلة مقارنة، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر ،مطبعة خاني –دهوك ، الطبعة الاولي ٢٠١١،ص٢١.

## 3-1-1- جۆرەكانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی :

بێگومان ئۆپۆزسیۆنی سیاسی چەند جۆرێكی هەیە لەوانە :

**یەكەم : ئۆپۆزسیۆنی یاسایی (شەرعی) :**

مەبەست لەم جۆرە ئۆپۆزسیۆنە ئەوەیە كە رێگا پێدراوە بوونی هەبێت بە تایبەتی لە سیستەمی دیموكراسیدا ،كە ناش بێت لە سیستەنی دیموكراسیدا بەبێ بوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ،ئەم جۆرە ئۆپۆزسیۆنە بەرامبەر چینی دەسەلات كاریگەری زۆری هەیە كە دەتوانێ وا لە دەسەلات بكات كە گۆرانكاری زۆر ئەنجام بدات ،ئەمەش لە رێگای ئامرازی چاودێری كردنی كروبارەكانی دەسەلات ئەمەش لە پێناو خزمەر كردنی باشتری گەلدا هەروەها ئەم ئۆپۆزسیۆنە دوژمنی حكومەت نییە بەلكو بە بەشێك یاخود تەواوكاری سیستەمی حوكمرانی دائەنرێت. [1]

**دووەم : ئۆپۆزسیۆنی نایاسایی :**

كاتێك كە لە سیستەمی سیاسیدا رێگا بە بوونی ئۆپۆزسیۆن نادرێ كە رەخنە لە دەست یاخود ئەدای كارەكانیان بگرن ،بۆیە دەیانەوێت لە دەرەوەی دەسەلات ئۆپۆزسیۆن دروست بوون ئەمەش چ بەشێوەی تاك بێت یاخود گروپ بۆ ئەوەی بتوانن دەنگی نارازی بوونی خۆیان بە دەسەلات بگەینن.[2]

**سێیەم : ئۆپۆزسیۆنی كاتی :**

بریتیە لە ئۆپۆزسیۆنەی كە بە كۆتایهاتنی باباەت و كێشەكان ئەوەیش كۆتایی پێدێت .وەك وتوێژكردن وگفتوگۆكردن لەسەر یاساو مادەیەكی دەستوری لە نێو پەرلەماندا بە كۆتایهاتنی وتوێژەكە و گەیشتنە ئەنجامی كۆتایی ئەم جۆرە ئۆپۆزسیۆنەش كۆتایی دێت.[3]

**چوارەم : ئۆپۆزسیۆنی چاكسازی**

برتیە لەو جۆرە ئۆپۆزسیۆنەی كە هەولدەدات بۆ ریفۆرم و چاكسازی كردنی ئەو كەم كورتیانەی كە لە پێكهاتەی دەسەلاتدا بوونیان هەیە بەبێ گۆرین یان ئالوگۆركردنیان .

**پێنجەم : ئۆپۆزسیۆنی مەدەنی :**

---

[1] د صباح مصطفى المصرى ، النضام الحزبي (الماهية المقومات –الفاعلية ) دراسة تاصيلية ومقارنة ،المكتب الجامعي الحديث ، الازاريطة –الا سكندرية ،٢٠٠٧،ص٢٣٨).

[2] أسامة غزالى الرحب ،الأحزاب السياسية فى العالم الثالث ، سلسلة عالم المعرفة ، كويت.

[3] كامەران عەلی ، دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن پێویستی بە دیاری كردنی چوار چێوەی كاركردنی سیاسی ، بلاوكردنەوە ٢٠١٧/٢/١٨، بەرواری سەردانی كردنی ١٠/١٣ /٢٠٢٢.
https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=308

بریتیە لەو جۆرە ئۆپۆزسیۆنەی کە هەلدەستێت بە گوزارشتکردن لە بیرورا و هەلوێستەکانی خۆی بە شێوازی یاسایی و دەستوری بەبێ گرتنەبەری ئامرازو شێوازو ریگای توند تیژی .

**ئۆپۆزسیۆنی چەکدار:**

ئەم جۆرە ئۆپۆزسیۆنەیە کە هێز و شێوازی توندوتیژی بۆ سەپاندنی بیروڕابۆ چوونەکانی خۆی دەگرێتە بەر ئەگەرچی بەریگەی کودەتای سەربازیش بێت .

## 1-1-4- پێگە و رۆڵی ئۆپۆزسیۆن

بەگشتی دەکرێ رۆل ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەمانەی خوارە دیاری بکەین :

1. دروستکردنی سەقامگیری ناوخۆیی و پاراستنی سیستەمی سیاسی لە شلەژان ونائارامی. رێگاگرتن لەبەردەم هەنگاوەکانی لادان لە پرۆسەی دەستوری و مەیلی تیکتاتۆری لەلایەن حیزبی باڵادەستەوە. رێگاگرتن لەگەندەڵی لەلایەن سەرکردە حوکمرانیەکان وئاشکراکردنی کەموکورتیەکان.
2. هەل دەرەخسێنێ بۆئەوەی میللەت بەئازادی و بەشێوەیەکی دیموکراسیانە ئەلتەر ناتیڤ بارودۆخی خراپی سیاسی و ئیداری دەستەبەر بکەن. [1]
3. بەپێچەوانەی حکومەت و حزبی باڵادەست، کەتەنها باس لەدەست کەوت و باشیەکانی حکومەت دەکەن و ئەنجامە نەرێیەکان ئاشکرا ناکەن، ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کەموکورتی و کەمتەر خەمیەکاندەوروژێنێت و هەردوو دیواری کارو بریارەکان بۆ جەمەوەر شیدەکاتەوا. بەمەش هاوسەنگی دروست دەکات و رێگە دەگرێت لە تێکەڵبونی زانیاریەکان. [2]
4. رەخساندنی زەمینەی سازدانی هەڵبژاردنێکی خاوێن بۆجەمەوەر وسنوردانان لەوفرتوفێڵانەی حزبەکانی باڵادەست، کەبیانەوێ لەهونەری هەڵبژاردنەکان و لەکاتی هەڵژاردنەکان بەکاری بهێن.
5. ئۆپۆزسیۆن بەگشتی وئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی بەتایبەتی رۆڵێکی گەورە دەگێرێ لەچالاککردنی پەرلەماندا و بانگکردنی وەزیرەکان وخاوەن پۆستە باڵاکان بۆلێپرسینەوە لەکاتی کەمتەر خەمیەکان بەرامبەر بەجەماوەرو خراپ بەکارهێنانی پۆستەکانیان.

---

[1] عوسمان عەلی وەیسی ،رۆل و ئەرک و هەرمانەکانی پارتی سیاسی ،گۆڤاری شرۆڤە ،ژمارە /٤،هاوینی ٢٠٠٧،ل ١٠٧.

[2] دعصام سليمان،مدخل الى علم السياسة،ن.م.س،ص٢٠٦

6. ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەپاڵ دامەزراوە سیاسی و مەدەنیەکانیدیکە رۆلی پربایەخ دەگێرن لە خستنەروی داخوازی و گرفتەکانی جەماوەربۆ بۆ بەردەم دەسەڵاتی سیاسی وهاندانی بۆ چارەسەر کردنی، هەروها کەمککردنەوەی بۆشای نێوان دەسەڵات و جەماوەر.بەهۆی رەخنەکانی ئۆپۆزسیۆن و ئاشکرا کردنی نهێنیەکان،حکومەت ناچاردەکات بەوپەری شەفافیەت کاربکات و باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بکات،بۆئەوەی بتوانێ چانسی مانەوەی دەسەڵات بپارێزێ.
7. ئەرکێکی گرنگی پارتەکان رێکخستنی بیروبۆچوون و جیاوازەکانە ، ئۆپۆزسیۆنی سیاسی هەلدەستێ بەرێکخستن و گۆرینی جیاوازییەکان بەرامبەر بە حکومەت و دەسەلات بۆ خواستی کۆمەلایەتی مەدەنی. [1]

## 1-1-5- ئەرکەکانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی :

ئۆپۆزسیۆنی سیاسی شان بەشانی دەزگاودامەزراوە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان تر، لەپێناو پاراستنی بونیادی کۆمەلایەتی بەگشتی و سیستەمی سیاسی بەتایبەتی گەلێ ئەرکی دەکەوێتە سەرشان. بەگشتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی پێویستەئەم ئەرکانەی خوارەوە جێبەجێ بکات : [2]

1. سەرەکیترین ئەرکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی،واتا لەمەسەلەی هەموولەیاسا دەرچونێک ئەم دەسەڵاتە. بەتایبەت لەمەسەلەی ئەوداراییەی خراوەتە بەردەستی حکومەت، ئەمەش بەرپسیارەتی بنچینەی ئۆپۆزسیۆنە وبگرە دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی تایبەت لەپێناو بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە سەری هەڵداوە، ئەگەر ئەم ئەرکە بەجێ نەگەیەنێت ئیترماناکەی نامێنێت.
2. ئەرکێک لە گرینگ ترین ئەرکەکانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بریتیە لە کارکردنی بۆهۆشیارکردنەوەی رای گشتی و لەم پێناوەشدا پێویستە گروپەکانی ئۆپۆزسیۆن لەپەرلەمان کاربکەن بەئاراستەی هێنانەدی ئەم ئامانجانە و بەئاگاهێنانەوەی خەڵک و ئاگادارکردنەوەیان لەهەرخراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن حکومەت و بەهێزە باڵا دەستەکان.

---

[1] عبدالرضا حسين الطعان ، البعد الاجتماعي للأحزاب السياسية –دراسة فى الاجتماع السياسي ،ط١،دار الشؤون ،الثقافية العامة ،بغداد ،١٩٩،ص٣٤.

[2] (.پ.ی.د .سەلیم پەتروس ئەلیاس ،جەعفەر رەسول وسو،رۆلی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە بونیادتنانی کۆمەلگای مەدەنی –لەهەرێمی کوردستاندا ،توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری سلێمانی ،کۆلێژی ئەدەبیات –بەشی کۆمەلناسی ،پایزی ٢٠١٩،ل ٤٩٦،٤٩٥،٤٩٤.)

3. ئەرکێکی تری ئۆپۆزسیۆنی سیاسی جیاکردنەوەو دورخستنەوەی دەستەی حزبە لەناو کاری وەزارەتەکانی حکومەت،چوونکە بوونی ئەم جۆرە دەستێوەردانە دەبێتە هۆی جیاوازی نەهێشتن لەنێوان حکومەت و حزبدا، واتا حکومەت دەبێت بە پاشکۆ و ئەڵقەلەگوێی پارتە باڵادەستەکان و ناتوانێت سەربەخۆیانە بریاربدات و کارو فەرمانەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێ، بۆیە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی دەبێت زۆر بەگرینگیەوا جەخت لەسەر ئەمناتەندروستیە بکاتەوە و هەوڵ بدات دەستی ئۆرگانەکانی حزب لە ناو فەرمانگەکانی دەوڵەتدا دوربخاتەوە.

4. ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ئەرکێکی کۆمەڵایەتیی سیاسی گەورەدەگێرێت کاتێ کە رەخنە لەدەسەڵات دەگرێت و رێی پێنادات ستەم و قۆرخکاری بکات، لەبەر ئەوەی دەسەڵات پێویستی بەوە هەیە هێزێک لەروی بوەستێ و رەخنەی لێبگرێت و بەدوای خەوشەکانیدا بگەرێت بۆ ئەوەی بەکەڵکی دەسەڵات گێران بێت.

5. ئۆپۆزسیۆنی سیاسی هاوسەنگی و ئارامی لەنێو بونیادیکۆمەڵگە دابین دەکات،ئەوکاتەی کەناهێڵێت دەسەڵات بەشێوەیەکی رەها هەڵسووکەوت بکات.

## 1-2- پەیوەندی ئۆپۆزسیۆن و حکومەت لە سیستەمە سیاسیە جیاوازەکاندا .

### 1-2-1- رۆلی ئۆپۆزسیۆن لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا :

سیستەمی سەرۆکایەتی سیستەمێکی سیاسیە لەسەر دابەشکردنی سێ دەسەلاتەکە وەستاوە دەسەلاتی فراون بە سەرۆک دەدرێت وەهەروەها سیستەمی سەرۆکایەتی بە یەکێک لە سیستەمە دیموکراتیەکان دادەنرێت کەلەسەر لێک جیاکردنەوەیەکی توند لە نێوان دەسەلاتی جێبەجێکردن ـ یاسادانان ـدادوەری بنیادنراوە سیستەمی سەرۆکایەتی جەختی ئەوە دەکاتەوە کە دەسەلاتی جێ بە جێ کردن لە دەستی سەرۆک دایە سەرۆکیش لە رێگای هەلبژاردنی راستەوخۆی جەماوەرەو هەلدەبژێردرێت.[1]

هەر بۆیە گەر باسی رۆلی ئۆپۆزسیۆن بکەین لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا دەبینین کە رەنگە ئۆپۆزسیۆن رۆلێکی کارە بگێرێت بەلام بەم شێوەیە نەبێ کە لە لە سیستەمی پەرلەمانی دا هەیە چونکە سەرۆک خاوەن ئیرادەو بڕیارە ودەسەلاتی رەهایی هەیە هەر بۆیە بەهەموو شێوەیەک دژ بە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان و نەیارەکان رادەوەستێت. بۆیە رەنگە ئۆپۆزسیۆن لە

[1] د.محمد رفعت عبدالوهاب ، مبادى النظم السياسية ،منشورات الحلبى الحقوقية ، بيروت -لبنان ،٢٠٠٢،ص٣١٤-٣١٥

سیستەمی سەرۆکایەتیدا دەسەلاتێکی بالای نەبێت بەڵکو چاودێرێکی ئەکتیڤ بێت بەسەر کارەکانەوە.[1]

لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا سەرۆک چاوی هاولاتیانی لەسەرە بۆیە زۆرکات هەیە ئۆپۆزسیۆن غایبە ،یاخود ئۆپۆزسیۆن تووشی بێ ئومێدی دەبێت وای لێ دەکات زۆر جار دەست بۆ نارەزایی ببات لە دەرەوەی سیستەمی سیاسی کە ئەمەش زۆر جار کارەساتی گەورەی لێ دەکەویتەوە وەک لێکترازانی نیشتیمانی. [2]

## 2-2-1 - **رۆلی ئۆپۆزسیۆن لە سیستەمی پەرلەمانیدا :**

لەسەرەتادا بە کورتی باسی سیستەمی پەرلەمانی بکەین بریتیە لە دەستەیەکی یاسادانانە نوێنەرایەتی دەسەلاتی یاسادانان دەکات لەدەوڵەتدا کە ئەرکی سەرەکی دارشتنەوا،یان دانانی یاسایەوە لەبنەرەتدا ممارسەی سەرجەم دەسلاتەکانی یاسا دانان دەکات، بەپێی پرنسیبی جیاکردنەکوەی دەسەلاتەکان، ئەمەش لەچەندکەسانێک پێک دێت کەبەنوێنەران هەڵدەبژێردرێن بەراستەوخۆ و بەدەنگ دانی نهێنی، لە پرۆسیەکی دیموکراتیدا لە لایەن گەل خەڵکانەوا هەڵدەبژێردرێن.[3]

کەواتە ئەندامانی پەرلەمان پێک هاتون لەوکەسانە یان سەربەخۆ خۆیان کاندید کردوەلە چین توێژەجیاوازەکانی کۆمەڵگا، یان لەرێگای چەند حزبێکەوا چی ئەندامیئەو حزبە بن، یاخود لە چەند حزبێکەوە دەستنیشان دەکرێت، کاندیدیان دەکەن بۆهەڵبژاردنی پەرلەمان، ئەوحزبانە پێگەیەکی جەماوەری خۆیان هەیە، یان متمانەی چین و توێژێکی دیاری کراویان بەدەست هێناوە، بەڵام لەدوا هەڵبژاردن، کاتێک رێژەی دەنگەکانیان لەئاست خواستی جەماوەری خۆیاندا نابینەوا، دەزانن ناتوانن بەرێژەی دیاریکراو کاریگەریان لەسەر ئەو یاساو رێساوبریارانەدا هەبێت کەلەپەرلەماندا دەچن، ناچار بریاری ئەوادەدەن ببنە ئۆپۆزسیۆن بەشداری لەپێک هێنانی حکومەت و دەسەلاتی جێبەجێکردندا نەکەن. ئەوحزبانە بەپێی یاسا دروست بوون، پابەندی یاساکانی پێکهێنانی حزبین. [4]

---

[1] حیلمی رەسول ،سیستەمی سەرۆکایەتی و نیمچە سەرۆکایەتی ،شار پرێس ، ٢٠٢٢/١٠/١٢، (https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=120577

[2] دانا سالح ،ئۆپۆزسیۆن و سیستەمی حکومرانی ، پۆلەتیک ، ٢٠٢٢/١١/٢/، https://politicmedia.net/detailnews.aspx?jimare=8342&cor=1&related=2

[3] د. امین فەرەج . حکومرانیەتی باش لە هەرێمی کوردستان ،هەولێر ،چاپخانەی هێڤی،٢٠١٩،ل ١٣٢،١٣٢،١٣٣،١٣٤.

[4] ئاراس تالیب ، بە ئۆپۆزسیۆن بوون و ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی ، چاوی کورد ، ٢٠٢٢/١٠/٧. http://chawykurd.com/details.aspx?=hewal&jmare=1404&Jor=49&Jor2=39

لەهەمان کاتیشدا، ئەگەر کەمینەبن یازۆرینەبن دوبارە پابەندی یاساو پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبن بێ جیاوازی لەنێوانیاندا بکات. هەروەها دەبێ دەقێکی یاسایی هەبێ کە ماف و ئەرکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی دیاری باکاتن بە دەقییێکی دەستوریدا لە چەند برگەیەک پێکهاتبێ باس لە پێگەی ئۆپۆزسیۆن بکات ،ئەگەر نا پەرلەمان دەتوانێ یاسای ئۆپۆزسیۆن بنوسێتەوە ئەرک و ماف و پێگەی دیاری بکاتن.[1]

وەهەروەها ئۆپۆزسیۆن بەرپرسیارەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی ئەستۆی کە ئۆپۆزسیۆن ئەرکی گەیاندنی نارەزاییەکانی خەڵکە بۆ ناو هۆلی پەرلەمان ، وە هەروەها ئەرکی ئۆپۆزسیۆن کە رەخنەو گازندەت هەبێت لە یاساکان بتوانێ داکۆکی کارێکی راستەقینە بێت لە داواکانی خەڵک هەربۆیە ئۆپۆزسیۆن لە سیستەمی پەرلەمانی کاراترە بەبەراورد لەگەل سیستەمەکانی تر چونکە لە سیستەمی پەرلەمانی دەتوانێ چاکتر بە کارەکانی خۆی لە چاودێریکردنی حکومەت، جێگیرکردنی دیموکراسییەت، شەفافییەت و لێپرسینەوە هەلبستێت.[2]

## 1-2-3- رۆلی ئۆپۆزسیۆن لە سیستەمی نادیموکراتیدا :

سەرەتا گەر بە چەند دێرێک باس لە سیستەمی نادیموکراتی بکەین پاشان رۆلی ئۆپۆزسیۆن لە م سیستەمەدا ئاماژە پێ بکەین سیستەمی نادیموکراتی واتە بوونی سیستەمێکی خۆ سەپێن و بریاردەر دێت ، کە سەرکردەیەک دەسەلات کۆنترۆل دەکات ویاساکان پشتگوێ دەخات خۆی بریار دەری هەموو شتەکانە.

گەر باسی رۆلی ئۆپۆزسیۆن بکەین لەم سیستەمەدا دەتوانین بلێن دەسەلاتەکانی ئۆپۆزسیۆن لەم سیستەمەشا زۆر جیاوازە لەگەل ئۆپۆزسیۆن لەسیستەمەکانی تردا لە سیستەمی پەرلەمانیدا بەلکو زۆر جیاوازە چونکە زۆر کات لەم سیستەمدا هەچ بوارێک بۆ بوونی ئۆپۆزسیۆن نامێنێتەوە بۆ ئەوەی بە کارەکانی خۆی هەلسێ وە ئەو ئەرک و دەسەلاتەی کە هەیەتی ناتوانێ بەرجەستەی بکات بە شێوەیەکی دیموکراسیانە لەم سیتسەمە چوارچێوەێکی یاسایی دام و دەزگایی داب ونەریتی سیاسی نیە تاوەکو جێگەو رێگەی ئۆپۆزسیۆن لەناو

---

[1] هاژە کۆسرەت مجید ،المعارضەالسیاسیە-دراسە فی تجربیە اقلیم کوردستان العارق خلال المدە۲۰۰۹-۲۰۱۳،نامەی ماستەر ،پێشکەشکراوە بەئەنجومەنی کۆلێژی یاسا ورامیاری /زانکۆی سلاحەدین ،ل ۳٦

[2] د. حسان محمد شفیق العاني ،الانضامە السیاسە الدستوریە ،العاتک لصناعە الکتاب ، القاهرە ،ط۳،،۲۰۰۹،ص ٤۰

سیستەمەکەدا دیاری باکات. لەسیستەمی نادیموکراتیدا زۆرکات ئۆپۆزسیۆن پەنا بۆ خەباتی چەکداری دەبات بۆئەوەی زامنی دەسەلاتەکانی بکات.[1]

[1] ئارام قادر حەمە سوور ،دیکتاتۆریەت ،ئاوێنە، رۆژی سەردانی کردنی ٢٠٢٢/١٠/١.
https://www.awene.com/article?no=14975&auther=12